# ژانەکانی هەڵبژاردن

د.کەمال سەید قادر
a7825836@unet.univie.ac.at

سیستەمی دیمکراسی باشترین سیستەمی حوکمی ناسراوە تا ئێستا بەڵام زەحمەتترینو ئاڵۆزترین سیستەمیشە، وە سیستەمی دیکتاتۆریش خراپترین سیستەمە بەڵام ئاسانترین سیستەمی حوکمە چونکە لە سیستەمی دیمکراسیدا خەڵق هەموی ئازادو خاوەن کەرامەتە وە لە ڕێگای بڕیاردانەوە وەکو لە پرۆسەی هەڵبژاردن  خۆی حوکمی خۆی دەکات کەچی لە سیستەمی دکتاتۆری تەنها یەک کەس ئازادە ئەمیش کەسی دکتاتۆر خۆیەتی کەوا سەرچاوەی هەمو دەسەڵاتێکە لە وولات وە هەموو هاوولاتیانی تر تەنها بۆیان هەیە ڕۆڵی کوێلەو نۆکەر ببینن. جا ڕاگواستنەوەی کۆمەڵگایەک لە قۆناغی سیستەمی دکتاتۆری یەوە بۆ قۆناغی دیمکراسی بە تایبەتی ئەگەر لە هیکەوە ڕوبدات وەکو ئەم حاڵەتەی عێراق وا بە ئاسانی بە ڕێوە ناچێت بەڵکو کۆسپی زۆری دێتە ڕێگا بە تایبەتی ئەگەر کەسانێکی سیاسی کەوا بە دەها ساڵ لە ژیانی سیاسی دکتاتۆری یانە ڕاهاتبن ئێستا بۆ ژیانی دیمکراسی کەوی بکرێن.
ئەم دیاردەیە بە تایبەتی لە هەڵبژاردنەکانی کوردوستانو عێراق بەدی دەکرێ کەوا یەکەم هەڵبژاردنی دیمکراسیانەی ئازادە لە عێراقدا وە هەرچەندە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردوستان لە ساڵی 1992 کەمو کورتی زۆریان هەبو دەتوانرێ هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایەی کوردوستان بە دووەم هەبژاردنی لەم جۆرە لە قەلەم بدرێ.
وە هەتا ئەم پرۆسە دیمکراسی یەش ناتوانین بڵێین بە تەواوەتی کوردوستانی یاخود عێراقی یە چونکە ئەگەر بێتو پاڵەپەستۆو پشتگیری ئەمریکا نەبوایە ئەوا زۆر مەحاڵە پرۆسەی لەم جۆرە بەم زووانە لەم وولاتە ڕویدایە. جا بۆیە ئەمریکی یەکان هەرچی خراپەیان لە عێراق کردبێ دەبێ دوو چاکەیان لە بیر نەکەین، یەکەمیان کەوا ڕژێمی دکتاتۆری سەدام حسێنیان بۆ لە گۆڕ نان ئەگەر نا ئەمیش وەکو زۆر لە سیستەمە دکتاتۆری یەکانی ناوچەکە دەبوە دکتاتۆری یەتی کۆماری وراسی وە دووەمیان ڕوخساندنی ئەم هەلە مەزنە بو بۆ خەڵقانی کوردوستانو عێراق تاکو بۆ یەکەم جار بە تەواوەتی چێژ لە مافە سیاسی یەکانی خۆیان لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە ببینن.
کاریگەری ئەم هەڵژاردنانە لە سەرتاپای کوردوستانو، عێراقو ناوچەکە هەموی بە ڕادەیەک گرنگە کەوا ناتوانرێ لە بابەتێکی وا سادەی وەکو ئەم بابەتەی بەندە تیشکی بخرێتە سەر. لێرەدا دەتوانین تەنها چەند ڕاو بۆ چونێک لە مەڕ کاریگەری ئەم هەڵبژاردنانە لە سەر کوردوستانی خوارو بخەینە ڕوو.

وەکو ئاشکرایە لە هەرێمی کوردوستان بە یەکجار سێ هەڵبژاردن ئەنجامدرا، یەکەمیان بۆ پەرلەمانی کوردوستان، دووەمیان بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان وە سێ یەمیان بۆ پەرلەمانی عێراق. هەر یەک لەم هەڵبژاردنانەش بە شێوەیەکی جیا کار دەکاتە سەر ڕەوشی کوردوستان، بەڵام لە هەمویان گرنگتر بۆ خەڵقی کوردوستانو بۆ پرۆسەی سیاسی داهاتوی هەرێمیش هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بون چونکە ئەم هەڵبژاردنانە بونە پێوەرێک بۆ قورسایی هەریەک لە حیزبەکانی کوردوستان بە تایبەتی هەردو حیزبی سەرەکی. ئەگەر ئەو دەرئەنجامانەی کەوا لە کوردستانی نوێ بلاوکراونەتەوە دوا ئامار بن ئەوا بە دیار دەکەوێ کەوا هیچ کام لە دوو حیزبی سەرەکی  زۆرینە ڕەهایان نەبوە واتە لە 50% زیاتر بەڵکو ڕێژەی دەنگی هەریەک لەمانە لە یەکتر زۆر نزیکن وە لە نێوان 40% وە 45% لە سەدن. ئەمەش وا دەگەیەنێ کەوا ئەگەر بێتو هەردوو حیزب لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردوستانیش بە لیستی سەربەخۆیان بهاتبانە خوارەوە ئەوا هیچ یەکێکیان زۆرینەی ڕەهای بە دەست نەدەهێنا بەڵکو ناچار دەبو یاخود کۆئالیسیۆن لە گەل ئەمی تریان بکات یاخود لە گەل لایەنەکانی تری ناو پەرلەمان بۆ بە دەستهێنانی زۆرینەی پێ ویست واتە زیاتر لە 50% بۆ پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردوستان.
بەڵام ئێستا کەوا هەردو حیزبی سەرەکی لە گەل چەند حیزبێکی تری کوردوستانی بە لیستێکی یەکگرتو هاتونەتە خوارەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا قورسای یان لە هەرێمی کوردوستان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە دیار کەوتوە ئەوا ئەم پێشهاتە پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتو بۆ هەرێمی کوردوستان دەخاتە ژێر تیشکێکی نوێوە چونکە هەردو لایەن خۆیان بە یەکسان دەزانن لە بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردوستان و ە دابەشکردنی وەزارەتەکان بە پێ ی ڕێژەکانیان لە نێو دەنگەران. بۆیە سەردەمی مۆنۆپۆلکردنی حکومەتی هەرێم بە سەرچو چونکە قورسایی هەمو لایەنەکان لە ناو خەڵق ڕوونە. جا هەردوو لایەن دەتوانن یاخود لە نێو خۆیان لە سیستەمێکی تەوافقی پێک بێن کەوا پۆستی سەرۆکی

ئەنجومەنی وەزیران بە نۆبەت بێت وە ژمارەی وەزارەتی هەر لایەنێک یەکسان بێت، یاخود دەبێ لایەنێکیان کۆئالیسیۆن لە گەل لایەنەکانی تری ناو پەرلەمان بکات ئەمشیان لەوانەیە نسکۆیەکی تری دووبەرەکی لێ بکەوێتەوە وە هەمدیسان ببێتە هەوێنی ناکۆکی و دوو ئیدارەیی لە کوردوستان. مەگەر چۆن لایەنێکیان عەقل بە کار بهێنێت وە بەرژەوەندی میللەت بخاتە پێش بەرژەوەندی تایبەتی و حیزبی وە بۆ لایەنەکەی تریان بە جێ بهێلێت ئەگەرنا یێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوی کوردوستان بە گوێرەی ئاواتی دوژمنانی میللەتی کورد دەبێت وە زۆر زەحمەتە دێتە دی.

سەبارەت بە هەلبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقیش ئەوا هەرچەندە ئەم پەرلەمانە کاتی یە وە خولەکەی بۆ ماوەی یەک سال دیاری کراوە بەلام رۆلی بنەرەتی لە دیاری کردنی چارەنوسی کوردوستانو عێراقیش دەبینێت، یەکەمیان چونکە دەستورێکی هەمیشەیی بۆ عێراق ئامادە دەکات وە دووەمیان لە رێگای هەلبژاردنی سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو ئەنجومەنی وەزیران جۆرە عورفێک دروست دەکات کەوا لەوانەی ببێتە چوارچێوەی دابەشکردنی پۆستە سەرەکی یەکان لە حکومەتەکانی داهاتوی عێراق. مەسەلەی یەکەمیان واتە دانانی دەستوری عێراق مەسەلەیەکی تەکنیکی ئالۆزە قەوارەکەی لە چوارچێوەی ئەم بابەتە دەردەچێ بەلام مەسەلەی دووەمیان واتە چۆنیەتی دابەشکردنی پۆستە سەرەکی یەکان لە نێوان هەردو گەلی سەرەکی کوردی و عەرەبی وا ئێستا لە ئارادایە وە پێشبرکێ یەکی سەخت لە نێوان هەردوو لایەن هاتۆتە کایەوە بۆ دەستبەسەراگرتنی ئەم پۆستانە. ئەوا لایەنی سوننەی عەرەبی لە سەر زاری سەرۆک کۆماری ئێستا پۆستی سەرۆک کۆماری بۆ خۆی گرداوە وە لایەنی شیعەی عەرەبیش پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وە ئەوەی بۆ کوردیشیان هێشتۆتەوە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانە کەوا لە گەل ریزما بۆ سەرۆکی پەرلەمان پۆستێکی سیادی نی یە واتە بە پێ ی یاساو عورفی نێو دەولەتی سەرۆکی پەرلەمان وەکو نۆێنەری دەولەت سەیر ناکرێت بەلکو کاری تەنها بەرێخستنی پەیرەو پرۆگرامی ناوخۆی پەرلەمانە بۆ نمونە ئەگەر بێتو پەرلەمانتارێک بیەوێت قسە بکات ئەوا سەرۆکی پەرلەمان رێگای پێ دەدات یاخود جار جار دەلێتە پەرلەمانتاران تکایە هێمن بن کەواتە رۆلی سەرۆکی پەرلەمان دەتوانرێ بەراورد بکرێ لە گەل رۆلی چاودێری هۆبەیەکی قوتابخانە. وە لە پەیوەندی یەکانی دەرەوەش بە پێ ی یاسای نێودەولەتی تەنها سەرۆکی دەولەتو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەکو نوێنەرانی دەولەت پێشوازی یان لێ دەکرێت وە دەتوانن بە ناوی دەولەت قسە بکەن. کوا تا ئێستا گوێتان لێ بوە کەوا بۆ نمونە سەرۆکی پەرلەمانی بەریتانی یاخود سویسری هیچ رۆلێک ببینن لە سیاسەتی وولاتەکانیان یاخود وەکو نوێنەری دەولەت پێشوازی بکرێن؟ هەر کەس نازانێ ناویشیان چی یە. سەرکردایەتی سیاسی کورد ئێستا خەلقانی کوردوستان بۆ ئەوە دەنگیان پێ داون تاکو داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد بکەن بۆیە پێ یان دەلێن فەرمون تەنها لە کوردوستان خۆتان مەکەن بە سەرۆک چونکە بون بە سەرۆک لە کوردوستان زۆر ئاسانە وە ئێستاش نازانین چەند کەس خۆی بە سەرۆکمان دەزانێ، بەلکو فەرمون ئەوە گەزو ئەوە مەیدان ئێمە پشتگیریمان کردن بە دەنگو متمانە ئێوەش وورەتان هەبێ داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد بکەن هەر هیچ نەبێت لە پێناوی بەرژەوەندی خۆتان چونکە پاش دەها سال خەباتی شاخو قوربانی دان میللەت چارەنوس خۆی بە ئێوە سپارد ئێوەش خۆتان راگرن بەرامبەر بە کەسانێک کەوا لە ژیانیانا نەیانزانیوە خەباتو بەربەرەکانی کردنی دکتاتۆریەت چی یە کەچی ئێستا ئێوە دەچن دەبنە جێگیرو سکرتێریان چونکە باوەرتان بە خۆتان نی یە بۆیەش ئێمەی کوردیش هەر بە چاوێکی نزم سەیر دەکرێین وە دیارە لایەنی عەرەبی لە پۆستی پلە دوو زیاتر هیچ پۆستێکی تر بە شایانی ئێمەی کورد نازانن ئەگەرچی ئێمەی کورد یەکێکین لە دوو میللەت سەرەکی یەکەی عێراق وە لیستی کوردستانی پێ دەچێت پلەی دووەم لە دەنگەکان پاش لیستی شیعەکان بە دەست بهێنێت کەچی زۆرینەی هەرە زۆری سوننە عەرەبەکان هەر باوەریشیان بەم هەلبژاردنانە نەبو وە نەشچونە هەلبژاردن وە لە گەل ئەوەشدا ئێستا داوای پۆستی سەرۆک کۆماری دەکەن وە من لەم باوەرەشم وەری دەگرن.

بە رای من ئەگەر نەتوانرا یەکێک لە دوو پۆستە سیادی یەکەی حکومەتی عێراق بۆ کورد دابین بکرێت ئەوا لایەنی کوردی پێ ویستە خۆی لە بەغدا بکێشێتەوە وە ریفەراندۆمێکی رەسمی لە سەرتاپای کوردوستان بە کەرکوکو ناوچە کوردی یەکانی تری دەرەوەی هەرێمی کوردوستانیشەوە بە رێ بخات. مردن لە ژێر دەستی و کوێلەیی پیرۆزترە.

پێ دەچێت لایەنی عەرەبی باوەرێکی زۆری بە خۆیەوە هەبێت چونکە وا دەزانێ دەتوانێ ریزی یەکگرتوی کوردوستانی لە پەرلەمانی داهاتوی عێراق دابربکات وە لایەنێک لە لایەنە سەرەکی یەکانی ناو ئەم ریزە بۆ ناو کۆئالیسیۆنێکی بە ناو کوردی_عەرەبی رابکێشێت لە رێگای بەخشینی پۆستو ئیمتیازات لە سەر حسابی لایەنەکەی تر.

ئێستا بۆ نمونە لایەنی پارتی هیچ کاندیدایەکی بە هیوای پۆستی سەرۆک کۆماری نی یە بە پێچەوانەی یەکێتی جا لێرە لایەنی عەرەبی بۆیان هەیە هەولدەن لە رێگای راکێشانی پارتی بۆ ناو کۆئالیسیۆنێکی عەرەبی بەرامبەر هەندێک پۆستی وەزیری بۆ بە دەست هێنانی زۆرینەی 3\2 پێ ویست بۆ هەلبژاردنی ئەم پۆستانە، یەکێتی بێ لایەن بکەن تاکو نەتوانێت پۆستی سەرۆک کۆماری بۆ کورد بە دەست بێنێت وە لێرەش دەبێ بلێین گرنگ نی یە چ کوردێکو سەر بە چی حیزبێک ئەم پۆستە وەردەگرێت بەلکو گرنگ ئەوەیە شیاوو لێ هاتوو دلسۆز بێت.
جا لێرە هەر لایەنێک لە ریزی یەکگرتوی کوردوستانی بچێتە دەرەوە وە لە ژێر هەر پاساوێک بێت ئەوا دەبێ چاوەروانی ئەوە بکات کەوا مێژوی میللەتی کورد هەرگیز لێ ی نابورێت.

لە هەموشیان گرنگتر رۆلی سەرەکی جەماوەرانی کوردوستان دێت کەوا کەس کاری پێ ی نی یە تەنها لە کاتی تەنگانە نەبێت بۆیە شەفافیەت زۆر گرنگە وە پێ ویستە لە سەر هۆیەکانی راگەیاندنی کوردوستانی و کوردی بە شێوەیەکی راستو بەردەوام خەلقانی کوردوستان لە هەمو گۆرانکاری یەکان ئاگادار کەنەوە تاکو ئەگەر پێ ویست بو دیسان جەماوەر هەرچی زنجیرو پەت هەیە کەوا بۆ کوێلە کردنی کورد دانراوە شەتو پەت بکات.